# ڕەگەزەكانی گەشەی شارنشینی لە ئیدارەی ڕاپەڕین

**صالح انور محمد[1] - بێستون احمد حسێن[2]**

[1+2] بەشی جوگرافیا، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی كوردستان، عێراق.

## پوختە:

زیادبونی سروشتی و كۆچ كاریگەری بەرچاودەكەنە سەر زیادبونی دانیشتوان، ئەم خێرایە زیادبونەش كە ڕوبەڕوی دانیشتوان دەبێتەوە گرفت و كێشەكانی زیاتردەكات بەتایبەتی كێشەكان لەناوەندی شارەكان زیاتربون، چونكە مەڵبەندی گەورەی دانیشتوانن، لەگرنگترین ئەو كێشانەش گەشەی شارنشینی بێپلانییە، هەڵبەتە ئەمەش ئەنجامی نەرێنیان لەتێكدانی هاوسەنگی نێوان شار و گوند هەیە هەردوكیشیان پارسەنگی ئابوری و كۆمەڵایەتی و سیاسین.

هۆكارەكانی كێشەی شارنشینی جۆراوجۆرن لەهۆكارە سروشتییەكانەوە تا هۆكارە مرۆییەكان، ئەوەی گرنگترین هۆكاربێ لەناوچەی توێژینەوەدا هۆكارەكانی زیادبونی سروشتی و كۆچ و چەندین هۆكاری ترن، ئەمە لە لەلایەك لەلایەكی تریشەوە بێپلانی و كەمتەرخەمی حكومەتە لەبەرامبەر پاراستنی هاوسەنگی لەنێوان ژینگەی شار و گوند ئەویش لەدابینكردنی خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەكانەوە بەدیدێت.

ڕەگەزەكانی گەشەی شارنشینی لە ئیدارەی ڕاپەڕین هۆكاری خێران لەسەر فراوانبونی شارو گەشەی شارنشینی وناچونییەیەك لەدابەشبونی دانیشتوان لەنێوان سەنتەری شارەكان و گوندەكاندا بەدیدەكرێت، كە بەشێكیان هۆكاری ناچارین و بەشێكیشیان بێپلانییە.

**كلیلە وشەكان:** گەشەی دانیشتوان، لەدایكبون، مردن، كۆچ.

**Article Info:**
**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(3).Paper3
**Received:** 23-August-2021
**Accepted:** 19-September-2021
**Published:** 29-June-2022
**Corresponding Author's E-mail:**
salh.anwar@uor.edu.krd
bestoon.78@uor.edu.krd
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

دیاردەی شـــارنشـــینی و ئاماژەکانی دەرکەوتنی شـــارە گەورەکان کاردەکاتە ســـەر لایەنی دیموگرافی و کۆمەڵایەتی ئابوری لەم چوارچێوەیەدا لێکۆڵینەوە لە گەشـــەی شـــارنشـــینی گرنگی خۆی هەیە، چونکە شـــار بەبەردەوامی گۆرانکاری زۆر بەخۆیەوە دەبینێت بەهۆی چەند فاکتەرێک وەکو فاکتەری زیادبونی سروشتی و کۆچ و ئابوری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و چەند فاکتەرێکی تر، کە ئەمەش کاردەکاتە ســـەر لایەنی دیموگرافی و ئابوری و جیۆپۆلۆتیکی ناوچەکە جگەلەوەی کە کاردەکاتە ســـەر دانیشـــتوانی شـــارەکان، چونکە ناتوانرێت وەک پێوست خزمەتگوزارییان پێشکەش بکرێت لەبەر زۆری زیادەی بێسنوری دانیشتوان.

## گرینگی توێژینەوە:

لێکۆڵینەوە لەشـــار و گەشـــەی شـــارنشـــینی گرینگی و بایەخی تایبەت بەخۆی هەیە، چونکە شـــارەکان بەردەوام لەفراوانبوندان، بۆ پلانسازی و تێگەیشتن لەبنەماکانی دەوڵەت پێویستە لەئاستی گەشەی شارنشینی تێبگەین، بەبێ تێگەیشـــتن و قوڵبونەوە لە چۆنیەتی و چەندیەتی زیادبونی دانیشـــتوان کارەســـات بۆ داهاتوی وڵات دەخولقێنێ.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی توێژینەوەکە دەرخستنی ئەم زیادە زۆری دانیشتوانە کە لەشارەکاندا ڕویداوە ئەمەش بۆتە کێشەیەکی سەردەم، هەروەها دەرخستنی هۆکارەکانی زیادبونی ژمارەی دانیشتوانی شارەکان و کاریگەریان لەسەر لایەنی ئابوری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و دیموگرافی، لەگەڵ دەرخستنی ئاماژەکانی شارنشینی لە ئیدارەی ڕاپەڕین، کە هەردو ڕەگەزی زیادبونی سروشتی و کۆچ وەک دو ڕەگەزی سەرەکی ڕۆڵ وکاریگەری بەرچاویان لەم بارەیەوە هەیە، هەروەها پێدانی زانیاری و پلانی پێویست بۆ چارەسەری بنەڕەتی کێشەی شارنشینی و ئاماژە مەترسیدارەکانی.

## گریمانەی توێژینەوە:

گەشـەی شـارنشـینی لەئێسـتادا بۆتە دیاردەیەکی باو لەزانسـتەکانی دانیشـتوان و ئامار و پلان و.. هتد، کەواتە گریمانەی ئەم لێکۆڵینەوە لەچەند خاڵێکەوە دەبێت:

١. ئاماژەکانی شارنشینی چۆن کار لەداهاتویی شارستانیەت و هاوسەنگی دەکات؟
٢. ئەو ئەگەرانە چین کە داهاتوی شـــارنشـــینی ڕونتربکاتەوە، بەواتایەکیتر چۆن شـــارنشـــینی و دێنشـــینی پەیوەندیەکی هاوسەنگ و پارێزراویان دەبێت؟
٣. پلان و ئاڕاستەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکان چەند لەبەرژەوەندی ڕێکخستنی گەشەی شارنشینی دایە؟



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper3

**ڕێبازی لێکۆڵینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا پشت بەڕێبازی استقرائی و شیکاری وبەراوردکاری بەستراوە.

**ماوەی کاتی:**

لێکۆڵینەوەکە ماوەی نێوان هەمو ئەو ساڵانە دەگرێتەوە، کە لە ١٩٨٧ دەستپێدەکات تا ٢٠٢٠.

**کێشــەی توێژینەوە :** لەئێســتادا شــارەکان لەژێر کاریگەری زیادبونی ســروشــتی و کۆچەو چەندین هۆکاری تر زۆر بەخێرایی گەشەدەکەن ئەم گەشەکردنە خێرایەی شارەکانیش بۆتە هۆکاری دروستبونی کێشەیەک ئەویش تێکچونی هاوسەنگییە لەنێوان گوندو شارەکانی ئیدارەی ڕاپەڕین.

**ناساندنی ناوچەی توێژینەوە :**

شـوێنی جوگرافی ئیدارەی ڕاپەڕین دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردسـتان و عێراق و بەشـی باکوری پارێزگای سـلێمانی، وەک لە نەخشــەی ژمارە (١)دا دەردەکەوێ، ســەبارەت بە شــوێنی ئەســترۆنۆمی نـاوچـەی لێکۆڵینـەوە دەکـەوێتـە نێوان بـازنـەکـانی پـانی $(36^0:00 - 36^0:30)$ بـاکورو هێڵـەکـانی درێژی $(44^0:40 - 45^0:20)$ی خۆرهەڵات وەک لەنەخشەی ژمارە (٢)دا دەبینرێ.


لەڕوی کارگێڕیەوە ئیدارەی ڕاپەڕین پێکدێت لەهەردو قەزای ڕانیە و پشــــدەر و (١١) ناحیە، کە (٥) ناحیەیان دەکەونە قەزای ڕانیە و (٦) ناحیەکەی تر دەکەونە قەزای پشدەر، بڕوانە نەخشـەی (٢) لەگەڵ بونی (٣٧٠) گوند لە ســنوری ئیدارەی ڕاپەڕین، کۆی گشــتی ڕوبەری ئیدارەی ڕاپەڕین دەگاتە (٢١٨٧) کیلۆمەتر چوارگۆشــە. وەک لەخشتەی ژمارە (١) خراونەتەڕو.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper3

نەخشەی ژمارە (١)

شوێنی جوگرافی ئیدارەی ڕاپەڕین بەگوێرەی پارێزگای سلێمانی و هەرێمی گوردستان و عێراق





سەرچاوە :حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، هۆبەی GIS، نەخشەی ئیدارەی ڕاپەڕین بەپێی پارێزگای سلێمانی و کوردستان و عیراق٢٠٢٠



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper3

نەخشەی ژمارە (٢) پێگەی ئەسترۆنۆمی ئیدارەی ڕاپەڕین




سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، هۆبەی GIS، نەخشەی کارگێری ئیدارەی ڕاپەڕین، ٢٠٢٠.

خشتەی (١)

یەکە کارگێڕییەکانی ئیدارەی ڕاپەڕین بۆ ساڵی ٢٠٢٠

| قەزا | ژ | یەکەی کارگێڕی | ژمارەی گوند | ڕووبەر / کم٢ | % |
|---|---|---|---|---|---|
| **ڕانیە** | ١ | ناوەندی قەزا | ٤ | ٦٣ | ٢,٨٨ |
| | ٢ | چوارقورنە | ١٤ | ٢٢٠ | ١٠,٠٦ |
| | ٣ | حاجیاوا | ١٩ | ٧٢ | ٣,٢٩ |
| | ٤ | بێتواتە | ٣٥ | ٢٣٧ | ١٠,٨٤ |
| | ٥ | سەرکەپکان | ٥٣ | ١٩٦ | ٨,٩٦ |
| **پشدەر** | ٦ | ناوەندی قەزا | ٣٧ | ١٥٢ | ٦,٩٥ |
| | ٧ | هێرۆ | ١٧ | ١٠٩ | ٤,٩٨ |
| | ٨ | هەڵشۆ | ٦١ | ١٦٦ | ٧,٥٩ |
| | ٩ | ژاراوە | ٣٤ | ٢٩٩ | ١٣,٦٧ |
| | ١٠ | ناودەشت | ٦٥ | ٥٥٦ | ٢٥,٤٢ |
| | ١١ | ئیسێوە | ٣١ | ١١٧ | ٥,٣٥ |
| **کۆی گشتی** | | | ٣٧٠ | ٢١٨٧ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری ڕاپەڕین، پرۆسەی ژمارە لێدان و گەمارۆسازی، ٢٠٠٩.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper3

## تەوەرەی یەکەم: گەشەی سروشتی دانیشتوان

گەشەی دانیشتوان بەگرنگترین دیاردە دیموگرافییەکانی سەردەمی نوێ هەژماردەکرێت، بەتایبەتی لە وڵاتانی تازەگەشەسەندودا، چونکە بەردەوام و بە خێرای ژمارەی دانیشتوانیان زیاددەکات ئەمەش دەبێتە زیادبونی تێکرای گەشەپێدانی ئابوری لەناویشیاندا دەسکەوتنی خۆراک بۆ دانیشتوانەکەی (عبدالجبار، ٢٠١١، ص٦٢٦)، بێگومان گەشەی دانیشتوان لەئەنجامی زیادبونی سروشتییەوە ڕودەدات، کە خۆی لە جیاوازی نێوان لەدایکبون و مردندا دەبینێتەوە، وەک ئاشکرایە گەشەی دانیشتوان کاریگەری گەورە دەخاتە سەر پێکهاتەو تایبەتمەندییە دیمۆگرافیە جیاوازەکانی دانیشتوان، کەواتە گەشەی دانیشتوان ئەو گۆڕانکاریەی، کە لە قەبارەی دانیشتوانی کۆمەڵگا ڕودەدات لەنێوان دو ماوەو کاتی جیاوازدا ئەو گۆڕانکاریە نەرێنی بێت یان ئەرێنی، ئەمەش بەئاڕاستەی زیادبونی دانیشتوان بێت یان کەمبونی.(مصطفی، ٢٠٢٠، ل٣٧).

لێکۆڵینەوە لە زیادبونی دانیشتوان پشت بە ئامارە ژیارییە فەرمیەکانی (لەدایکبون و مردن) دەبەستێ، بەڵام ئەو ئامارانە بێ کەم و کورتی نابن، چونکە بەدواداچونی بەردەوام نییە بۆ نوێکردنەوەی داتاکانی لەدایکبون ومردن، لێرەوە هەوڵدەدەین تیشک بخەینەسەر هەریەک لە ڕەگەزەکانی زیادبونی سروشتی کە بریتین لە لەدایکبون و مردن.

## یەکەم: لەدایکبون:

مەبەست لەلەدایکبون ئەو دیاردە بایەلۆجیەیە، کە هاوتەریب لەگەڵ ژیاندا پەیدابوە، ئەم دیاردە بایەلۆجیەش لەئەنجامی کۆمەڵێک هۆکاری جیاواز بەردەوام بەرزبونەوە و نزمبونەوە بەخۆیەوە دەبینێ ئەو دیاردەیە واتە بەرزی و نزمی لە ئەنجامی کۆمەڵێک هۆکاری جیاوازەوە (غفور، ٢٠١٢، ل٤٤)، کەواتە لەدایکبون بە یەکێک لەو ڕەگەزە گرنگانە دادەنرێت، کە کاریگەری زۆری لەسەر گەشەی دانیشتوان هەیە، چەندین هۆکاری جیاوازی وەک (ئاستی ڕۆشنبیری، هۆکاری ئاینی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، ڕامیاری) کاری تێدەکات (تالیب، ١٩٩٩، ل٥١٧). بۆ هەڵسەنگاندنی لەدایکبون تێکرای ڕێژەی لەدایکبون پێویستە هاوکێشەی ڕێژەی گشتی لەدایکبون بەکاربهێنین، کە ڕێژەی لەدایکبونی ساڵێکی دیاریکراومان دەداتێ بە بەراورد لەگەڵ هەر هەزار کەسێکی سەرجەمی دانیشتوان لەهەمان ساڵدا بەم شێوەیەی خوارەوە:

$$\text{ڕێژەی گشتی لەدایکبون} = \frac{\text{ذمارةى لةدايكبون لة سالَيكى دياريكراو}}{\text{ذمارةى دانيشتوان لةناوةراستى سالأ}} \times ١٠٠٠$$ (سمعه، ٢٠٠٩، ل١٦٧)

لەگەڵ ئەوەشدا داتاکانی لەدایکبون کەموکورتیان تێدا بەدیدەکرێت ئەم کەموکورتیانەش لەئەنجامی کۆمەڵێک هۆکارەوەیە وەک:

١- لاوازی یان نەبونی یاسایەک تا هاوولاتیان ناچاربکات، کە کۆرپەکانیان لەکاتی لەدایکبوندا تۆماربکەن، بێگومان نەبونی ئەم یاسایە وایکردوە، کە زۆربەی لەدایکبون لەڕابردودا لە دەرەوەی نەخۆشخانەکاندا لەدایکبون ( احمد، ٢٠٠٥، ص٤٥).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper3

٢- بەشێک لە سەنتەری شارۆچکەکان و گوندەکانی سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین نەخۆشخانەی تایبەت بە منداڵبونیان نییە (حسێن، ٢٠١٩، لا٦٠-٦١).

٣- لە کۆندا بەهۆی سەربازی و جیاوازی ڕەگەزییەوە خێزانەکان منداڵەکانیان لە نەخۆشخانە تۆمارنەدەکرد (خەسباک، ١٩٩٩، لا١٤) تێکرای لەدایکبون لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بە تێڕامان لە خشتەی ژمارە (٢) بۆمان دەردەکەوێت، ئاڕاستەی لەدایکبون لەماوەی ساڵانی ١٩٨٧ – ٢٠٢٠ یەک ئاڕاستەنەبوەو جیاوازبون، بەجۆرێک لە ساڵی (١٩٨٧) تێکرای لەدایکبون نزیکەی (٢٢) لەهەزاردا بوە، هۆکاری بەرزی ئەم ڕێژەیە پەیوەستە بە چەند هۆکارێکەوە لەوانە:

١- ڕاگواستنی زۆرەملێی گوندنشینەکانی قەزای دوکان، کە ژمارەیان (٩٣١٢) کەس بو لەوانە (٦١٥٧) کەسیان بۆ ڕانیەو لەسنوری ئیدارەی ڕاپەڕین ڕاگواستراوە، هەڵبەتە ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر ڕێژەی لەدایکبون، چونکە بارودۆخی کۆمەڵایەتی گوندنشینەکان جیاوازە لە شارنشینەکان ڕێژەی منداڵبون تێیاندا زیاترە (صالح، ٢٠٠٩، لا١٠٩).

٢- بەهۆی پابەندبونی خێزانەکان بە دابونەریتی کۆمەڵایەتییەوە هەمیشە خێزانەکان پاڵنەربون بۆ لەدایکبونی زیاتر (غفور، ٢٠٠٦، لا١٢) وەک ئاشکرایە زۆربەی گوندەکان و خێڵ و عەشیرەتەکان لە ئیدارەی ڕاپەڕیندا خێزانی قەبارە گەورەبون، چونکە خێزانەکان هەوڵی وەچەخستنەوەی زۆریان داوە، چونکە پێویستی دەستی کار بۆ کارکردن ئەمە لەلایەک لەلایەکی ترەوە هەبونی زۆری منداڵ لەکۆندا ڕەمزو هێمای هێز و دەسەڵات بوە، بەتایبەت لەناوچە کۆمەڵایەتییەکان، ئیدارەی ڕاپەڕینیش بەهۆی بونی چەندین هۆز و تیرە و عەشیرەت و بەهێزی دابونەریتە کۆمەڵایەتیەکان ئەمە کاریگەری ڕەنگدانەوەی هەبوە لەسەر بەرزی ڕێژەی لەدایکبون لەسەردەمەکانی پێشودا تا دوای پرۆسەی ئازادی عێراق خێزان بیر لەوەچەخستنەوەی زیاتر بکاتەوە، بەڵام لە ساڵی (١٩٩٢) ڕێژەی لەدایکبون زۆری کەمکردوە بۆ (٦.٥٦٪) دابەزی هەڵبەتە هۆکارەکان ڕونن، چونکە لە (١١)ی ئازاری ساڵی (١٩٨٩) بڕیاری ڕاگواستنی تەواوی قەزاو ناحیەکان پشدەر درا (صالح، ٢٠٠٩، لا١٠٣).

زۆربەی دانیشتوانەکەی بۆ هەولێرو سلێمانی ڕاگواسترا ئەم ڕێژەیە لە ساڵی (١٩٩٧) گۆڕانکاری بەسەرداهاتو بەرزبۆوە بۆ (١٨.٥٪) ئەمەش پەیوەندی هەبوە بە سەرلەنوێ گەڕانەوەی زۆربەی دانیشتوانە بۆ قەزاو ناحیەو گوندەکانی پشدەر.

ئەو هۆکارانەی کاریگەریان لەسەر بەرزونزمی ڕێژەی لەدایکبونەوە هەیە لەناوچەی لێکۆڵینەوە:

## ١- ژنهێنان و شوکردنی پێشوەختە:

ژنهێنان و شوکردنی پێش وەخت یەکێکە لە هۆکارە کاریگەرەکانی بەرزبونەوەی ڕێژەی لەدایکبون، چونکە تاماوەی هاوسەرگیری زیاتربێت ڕێژەی لەدایکبون زیاتردەبێت، (أحمد، ٢٠١٥، ص٤٧) بەشێوەیەکی گشتی تەمەنی شوکردن لە (١٥) ساڵیدا دەستپێدەکات و ماوەی سککردن لە نێوان (١٥- ٤٥) ساڵیدایە (خەسباک، ١٩٩٩،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper3

لا٢٦). ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری لە تەمەنێکی زودا ئەگەری خستنەوەی منداڵی زۆردەبێت، چونکە مێینە هەلی منداڵبونی زیاتری بۆ دەڕەخسێت.

ئەم تێکڕایەش دابەشدەبێت بۆ سێ جۆر، جۆری یەکەم: تێکڕای لەدایکبون بەرزدەبێت ئەگەر ڕێژەکە (٣٠) لە هەزاردا زیاتربو، دوەم : تێکڕای لەدایکبون مامناوەند دەبێت ئەگەر ڕێژەکە (٢٠- ٣٠) لە هەزاردابێت، جۆری سێیەم: تێکڕای لەدایکبون نزم دەبێت ئەگەر ڕێژەکە (٢٠) لەهەزار کەمتربو، کەواتە بەسەرنجدان لە پاشکۆی ژمارە (٢) لەماوەی (٢٠٠٣) تا (٢٠٢٠) پرۆسەی هاوسەرگیری پرۆسەیەکی بەردەوام بوەو لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر بەهۆی هۆکارە جیاوازەکان گۆڕانی بەسەردا هاتوە.

**خشتەی ژمارە (٢)**

**ڕێژەی لەدایکبوان لە ئیدارەی ڕاپەڕین لەساڵانی (١٩٨٧-٢٠٢٠) لەهەزاردا**

| ساڵ | ڕێژەی لەدایکبوان |
|---|---|
| ١٩٨٧ | ٢٢ |
| ١٩٩٢ | ٦,٥٦ |
| ١٩٩٧ | ١٨,٥ |
| ٢٠٠٢ | ١٥,٤ |
| ٢٠٠٧ | ١٣,٦ |
| ٢٠١٢ | ٢٠,٥ |
| ٢٠١٦ | ١٧,٥ |
| ٢٠٢٠ | ١٤,٥ |
| ٢٠٢٠-١٩٨٧ | ١٦,٠٧ |

**سەرچاوە: ئامادەکراوە بەپشت بەستن بە پاشکۆی ژمارە (١)**


بەسەرنجدان لە خشتەی ژمارە (٢) دەردەکەوێت، کە تێکڕای لە دایکبون لەماوەی (١٩٨٧-٢٠٢٠)، نزیکەی (١٦.٠٧) لەهەزاردابوە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە ئاستێکی نزمدایە، هۆکاری ئەمەش لە پێشوتردا باسمان کردوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper3

**شێوەی ژمارە (١)**

**ڕێژەی لەدایکبوان لە ئیدارەی ڕاپەڕین لەساڵانی (١٩٨٧-٢٠٢٠) لەهەزاردا**




سەرچاوە: ئامادەکراوە بەپشت بەستن بە خشتەی ژمارە (١)

بەسەرنجدان لەپاشکۆی ژمارە (٢) بۆمان دەردەکەوێت کە تێکڕای هاوسەرگیری لەماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٣-٢٠٢٠) نزیک بوە لە (٨٪) بەڵام بەرزترین تێکڕای هاوسەرگیری لە ساڵی (٢٠١٤)دا بوە بەڕێژەی زیاتر لە(١١٪) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەستا بە هاندانی هاوسەرگیریکردنی گەنجان بەهۆی پێدانی پێشینەی هاوسەرگیری و بونی ئارامی و ئاسایش، سەبارەت بە ساڵی (٢٠٠٣) کەمترین ڕێژەی هاوسەرگیری تۆمارکراوە، کە دەکاتە (٥.٠٩٪)دا، ئەویش بەهۆی کۆچی لاوان بۆ دەرەوەو خراپی باری ئابوری و نائارامی ناوچەکەبوە.

## ٢- ڕێژەی پیتی:

بەپیتی یان توانای وەچەنانەوە لە (١٥- ٤٩) ساڵیەوە دەستپێدەکات، کە مەبەست لێی پرۆسەی وەچەنانەوەیە یان لەدایکبونی منداڵی زیندوە (یعقوب، ٢٠٠٤، ص٧٤)، هەروەها توانای بەپیتی وابەستەیە بە کۆمەڵێک هۆکاری کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابوری و ڕۆشنبیری و شارستانی و ژینگەییەوە بەپیتی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر یان لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر گۆڕانی بەسەرداد‌ێت (فیاظ، ٢٠١٢، ص١٦) سەبارەت بە ئیدارەی ڕاپەڕین بەسەرنجدان لەپاشکۆی ژمارە (٢) بۆمان دەردەکەوێت کە لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٣-٢٠٢٠ ) تێکرای هاوسەرگیری ٧.٩٪ یە و ئەمەش ڕێژەی بەهێزی و بەپیتی لەناوچەی لێکۆڵینەوە نیشان دەدات. بەڵام لە ئێستادا بەهۆی بارودۆخی ئابوری و سیاسیەوە کە گەنجان ڕو لەدەروە دەکەن پرۆسەی هاوسەرگیری کەمی کردوە.

## ٣- هۆکاری ئاینی:

ئاین پاڵنەرێکی بەهێزی ئاراستەکردنی تاک و خێزانە، هەروەها پاڵنەرە بۆ زو پێکهێنانی خێزان و وەچەنانەوەی زۆر و ڕێگری کردوە لە لەناوبردنی منداڵ و کەمبونەوەی ڕێژەی جیابونەوە (طلاق) (شوانی، ٢٠٠٧، ل٣٣٦)، بەسەرنجدان لە پاشکۆی ژمارە (٢) بۆمان دەردەکەوێت، کە ڕێژەی جیابونەوە زۆر کەمترە لە


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper3

ڕێژەی هاوسەرگیری بۆنمونە لە ساڵی (٢٠٢٠) ڕێژەی جیابونەوە (١.٧) لە هەزاردایە، بەڵام ڕێژەی هاوسەرگیری (٦.٤٢) لە هەزاردایە، بەتایبەتی ئاینی ئیسلام کە زۆرینەی ڕەهای دانیشتوانی ناوچەکە مسوڵمانن و کەوتونەتە ژێر کاریگەری ئایەت و فەرمودەکانەوە بۆیە ڕێژەی تەڵاق کەمیکردۆتەوە و ڕێژەی هاوسەرگیریش زیادی کردوە (حسێن، ٢٠١٣، لا٣٧).

### ٤- هۆکاری کۆمەڵایەتی:

دابونەریتی کۆمەڵایەتی هاندەرە بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری و زیادبونی منداڵ لە دابونەریتی کوردیدا تەڵاق پرۆسەیەکی ناجوانەو بەچاوی سوک سەیردەکرێت، بۆیە لە بەهێزی کلتور و دابونەریتدا ڕێژەی تەڵاقیش زۆر کەم دەبێت جگە لەوە خواستی خێزان و کۆمەڵگا لەسەر بونی ڕەگەزی نێر یەکێکی ترە لە پاڵنەرەکانی ڕێژەی لەدایکبون (حسێن، ٢٠١٣، لا٣٨)

پێمان وایە ئیدارەی ڕاپەڕینیش وەک ناوچەیەکی کۆمەڵایەتی و پابەندبون بە دابونەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان و بونی چەندین هۆز و تیرەو عەشیرەتی وەک (شیلانە، جاف، بڵباس، مەنگوڕ، خۆشناو، میراودەلی و.....هتد) کاریگەری کردۆتە سەر زۆری خستنەوەی وەچە و بەرزی ڕێژەی لەدایکبون لەناوچەی لێکۆڵینەوە.

### ٥- هۆکاری ئابوری :

لەڕوی ئابوریەوە ژمارەی لەدایکبون کاریگەری بەرچاوی لەسەر بەرزکردنەوەی دەستی کار هەیە لە پیشە جۆربەجۆرەکاندا بەتایبەتی لە پیشەی کشتوکاڵی و ئەمەش لە پێناو دابینکردنی بژێوی ڕۆژانەیاندا بوە بەبڕوای خێزانەکان زۆری ڕێژەی خێزان کاریگەری لەسەر بەرزبونەوەی داهاتی خێزان دەبێت (شوانی، ٢٠٠٧، لا٣٣) سەرەڕای ئەوە سیاسەتی حکومەت ڕۆڵی هەیە لە هاوسەرگیری و ژمارەی منداڵ بەپێدانی دەرماڵەی هاوسەری و منداڵ و کردنەوەی دایانگاو پێدانی مۆڵەت و خۆراک بێ بەرامبەر (أحمد، ٢٠١٥، ص٥٠). لەڕاستییدا ئەمانەی ئاماژەمان پێدان لە ئیدارەی ڕاپەڕین زۆر بەڕونی دەبینرێ و هەستی پێدەکرێت لە ڕەهەندی جوگرافی ئیدارەی ڕاپەڕین، چونکە ناوچەی لێکۆڵینەوە وەک ئاماژەمان پێدا ناوچەیەکە بەناوبانگە بەپیشەی کشتوکاڵی بەهۆی بونی هەردو دەشتی پشدەر و بیتوێن لەلایەک و ڕەز و باخ و باخات لە ناوچە شاخاویەکاندا لەلایەکی ترەوە ئەمە جگەلە دەوڵەمەندی ناوچەکە بە مەڕوماڵات و ڕەشە وڵاغ و سەرچاوەکانی ئاو ئەمانە وایکردوە ئیدارەی ڕاپەڕین تائێستاش ناوچەیەکی گرنگی کشتوکاڵکردن بێ لەبەرئەوە تائێستاش گەورەی قەبارەی خێزان و زۆری منداڵبونی ماوە کە دواجار گەورەی قەبارەی خێزان کاریگەری خۆی هەبوە لەسەر بەرزی ڕێژەی لەدایکبون.

### دووەم: مردن

ڕەگەزێکی سەرەکیەو کاریگەری لەسەر گۆڕینی قەبارەی دانیشتوان و گەشەی شارنشینی هەیە لەهەمان کاتدا نیشاندەرێکی ڕاستەوخۆشە بۆ دەرخستنی ئاستی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان کاریگەری ئەم ڕەگەزە تەنها لەسەر قەبارەی دانیشتوان نییە، بەڵکو کاریگەری بەسەر دابەشبون و چڕی و پێکهاتەی خەڵکەکەشی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper3

دەبێت بەتایبەتی پێکهاتنی جۆرو تەمەن (جاسر، ٢٠١١، ص٢٣) ڕێژەی مردن وەستاوە لەسەر (هۆشیاری، بەرزی ئاستی تەندروستی، پاکی، ئاو، خۆراک) مردنەکان جیاوازن و هۆکارەکانیشیان بەهەمان شێوە جیاوازن، چونکە لە کۆمەڵگا کۆنەکاندا خەڵکی بەهۆی نەخۆشی و پەتاکانەوە گیانیان لەدەست داوە، کە تائێستاش هۆکاری مردنی (٤٠٪)ی خەڵکانی وڵاتە تازە گەشەسەندەوەکانن(لەبیب، ٢٠١١، ص١٠٩-١١٠). توێژینەوە لە دیاردەی مردن کۆمەڵێک ئاستەنگ و گرفتی دێنەپێش بەهۆی کەموکوڕی لەسەرژمێری کردنی مردوان و ناتەواوی داتاو زانیارییەکانی ئیدارەی ڕاپەڕین، کە بۆ ئەم هۆیانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە:

١- تۆمارنەکردنی منداڵانی تازە لەدایکبو یان لە ساڵانی یەکەمی تەمەنیاندا و گرنگی پێنەدانی خەڵک بە تۆمارکردنی ئەو منداڵانەی کە هەر لەسەرەتاوە دەمرن(حسێن، ٢٠٠٨، ص١١٢) بەشێکیان تۆمارنەکراون بەشێکی تریشیان بۆ ئەوەیە لە فۆرمی خۆراکدا ڕێژەیان کەم نەبێتەوە.

٢- نەبونی بەدواداچون و چاودێری لەسەر مردوان و لاوازی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگا بەتایبەت دانیشتوانی گوندنشینەکان (محمد، ٢٠١٩، ص٣٦٧).

بۆئەوەی وردتر لە بارودۆخی مردن لەناوچەی توێژینەوە تێبگەین پێویستە هاوکێشەی تێکرای مردن بەکاربهێنین بۆئەوەی ڕێژەیەکمان دەستکەوێت هاوکێشەکە بریتییە لە:

$$\text{تێکڕای مردن} = \frac{\text{ژمارەی مردوان لە ساڵێکی دیاریکراو}}{\text{کۆی دانیشتوان لە ماوەی هەمان ساڵدا}} \times ١٠٠٠$$ (العبادي، ٢٠٠٢، ص٨٢)

ئەگەر لە خشتەی ژمارە (٣) بڕوانین ڕێژەی مردوان لە ماوەی ساڵانی (١٩٨٧ – ٢٠٢٠) دەردەکەوێ کە وەک یەک نییە و بەپێی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و ئاسایش جیاوازە بۆ نمونە لە ساڵی (١٩٨٧) ڕێژەی مردن بەرزبوە و (٢.٧٧) بوە لە هەزادا، هەڵبەتە پەیوەندی بە ڕاگواستن و باری ئابوری دانیشتوانی ئیدارەی ڕاپەرینەوە هەیە بەتایبەت قەزای پشدەرەو ناحیەکانی، جگە لەوەش خراپی کەرتی تەندروستی و جەنگی عێراق – ئێرانەوە، لەو هۆیانەی کە ڕێژەی مردنی بەرزکردۆتەوە، بەڵام لە ساڵی (١٩٩٢) ئەم ڕێژەیە دابەزیوە بۆ (٠.٦٣) لەهەزاردا، چونکە ئیدارەی ڕاپەڕین تەنها لە قەزای ڕانیە پێکهاتوەو لەو کاتەدا قەزای پشدەر ڕاگوازراوە لەبەرئەوە داتاکانی مردن تەواوی قەزای پشدەر تۆمارنەکراوە سەبارەت بە ساڵەکان (١٩٩٧ – ٢٠٠٢) ڕێژەی مردوان تاڕادەیەک جێگیربوە (١) لەهەزاردا، بەهۆی جێگیربونی باری ئاسایش و کۆمەڵایەتی دانیشتوانەوە، هەروەها بەرەو پێشچونی کەرتی تەندروستی و سەرکەوتن بەسەر نەخۆشییە کوشندەکانی منداڵانەوە، سەبارەت بە ساڵی (٢٠٠٧) ڕێژەی مردن بۆ (٢.٢٣) لە هەزاردا بەرزبۆتەوە، ئەمەش چەند هۆکارێکی هەیە، گرنگترین هۆکاریش ئەوەیە، کە پێشتر خەڵک منداڵە مردوەکانین تۆمارنەدەکرد لە تۆماری تایبەتدا بۆئەوەی لە فۆرمی خۆراکدا ژمارەیان کەم نەبێتەوەو خۆراکی زیاتر وەربگرن هەروەها باشتربونی باری ئابوری و دارایی خەڵک وایکرد کە زۆری خەڵکەکە مردوەکانیان تۆماربکەن (محمود، ٢٠١٣، ل٢٧-٢٩).

بەگشتی بەهۆی جیاوازی نێوان لەدایکبون و مردن دەتوانین زیادبونی سروشتیمان دەستبکەوێت، کە بەیەکێک لە فاکتەرەکانی گەشەی شارنشینی دادەنرێت، بە سەیرکردنی خشتەی ژمارە (٤) بەرزترین ڕێژەی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper3

زیادبونی سروشتی لە ساڵی (٢٠١٢)دا بوەو گەیشتۆتە (١٨.٨٥) لە هەزاردا، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆربەی زۆری ئاوارەکان بۆ ناوچەکەو بەرزی ڕێژەی لەدایکبون و جێگیربونی باری ئابوری و کۆمەڵایەتی نزمترین ڕێژەش بۆ ساڵی (١٩٩٢) دەگەڕێتەوە، کە دەگاتە (٥.٩٣)لە هەزاردا، هۆکاری ئەمەش پەیوەست بوە بە بارودۆخی سیاسی، کە نائارام بوە،

**خشتەی ژمارە (٣)**


**ڕێژەی مردن لە ئیدارەی ڕاپەڕین لەساڵانی (١٩٨٧-٢٠٢٠) لەهەزاردا**

| ساڵ | ڕێژەی مردوان |
|---|---|
| ١٩٨٧ | ٢.٧٧ |
| ١٩٩٢ | ٠,٦٣ |
| ١٩٩٧ | ١,٠١ |
| ٢٠٠٢ | ١,٠٣ |
| ٢٠٠٧ | ٢,٢٣ |
| ٢٠١٢ | ١,٥٥ |
| ٢٠١٦ | ١,٨٦ |
| ٢٠٢٠ | ١,٥٥ |
| ١٩٨٧-٢٠٢٠ | ١,٥٧ |

**سەرچاوە: ئامادەکراوە بەپشت بەستن بە پاشکۆی ژمارە(١)**

**شێوەی ژمارە (٢)**

**ڕێژەی مردن لە ئیدارەی ڕاپەڕین لەساڵانی (١٩٨٧-٢٠٢٠) لەهەزاردا**




**سەرچاوە: ئامادەکراوە بەپشت بەستن بەخشتەی ژمارە(٢)**


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper3

هەروەها كۆڕەوەكەی ساڵی (١٩٩١)، كە بوە هۆی كۆچكردنی دانیشتوانی زۆربەی ئیدارەی ڕاپەڕین بۆ ئێران. تێكڕای زیادبونی سروشتی لە ماوەی (١٩٨٧ – ٢٠٢٠) (١٤.٥) لەهەزاردا بوە، هەرچەندە ئەم داتایانە مەرج نییە داتای تەواوبن، نابێت ئاستی هۆشیاری دانیشتوان بە هەند وەرنەگیرێت، چونكە تا ئاستی هۆشیاری بەرزتربێت ئەوا تۆماركردنی داتاكانی مردن وردترو باشتر دەبن، بەگشتی تێكڕای لەدایكبون زۆر زیاتر لە تێكڕای مردن، بەجۆرێك تێكڕای لەدایكبون (١٦.٠٧)لەهەزاردا، بەڵام تێكڕای مردن لە هەمان ماوەدا (١.٥٧)لە هەزاردا، بەوەش زیادبونی سروشتی لە ئیدارەی ڕاپەڕین لە ڕیزی ئەو وڵاتانەیە، كە ڕێژەی زیادبونی سروشتیان مام ناوەندە، چونكە ڕێژەی زیادبونی سروشتی لەو وڵاتانەدا لە نێوان (١٠– ٢٠) لە هەزاردایە (محمود، ٢٠١٣، ل٣١٧) واتە زیادبونی سروشتی كاریگەری هەبوە لەسەر گەشەی شارنشینی ئیدارەی ڕاپەڕین.

**خشتەی ژمارە (٤)**

**ڕێژەی زیادبونی سروشتی دانیشتوان لەئیدارەی ڕاپەڕین لەساڵانی (١٩٨٧–٢٠٢٠) لەهەزاردا**

| ساڵ | ڕێژەی گەشەی زیادبونی سروشتی |
|---|---|
| ١٩٨٧ | ١٩,٢٣ |
| ١٩٩٢ | ٥,٩٣ |
| ١٩٩٧ | ١٧,٤٩ |
| ٢٠٠٢ | ١٤,٣٧ |
| ٢٠٠٧ | ١١,٣٧ |
| ٢٠١٢ | ١٨,٨٥ |
| ٢٠١٦ | ١٥,٦٤ |
| ٢٠٢٠ | ١٢,٩٥ |
| ١٩٨٧– ٢٠٢٠ | ١٤,٥ |


**سەرچاوە: ئامادەكراوە بەپشت بەستن بەخشتەكانی ژمارە (١) و(٢)**



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper3

**شێوەی ژمارە (٣)**

**ڕێژەی زیادبونی سروشتی دانیشتوان لەئیدارەی ڕاپەڕین لەساڵانی (١٩٨٧-٢٠٢٠)**




**سەرچاوە: ئامادەكراوە بەپشت بەستن بەخشتەی ژمارە (٣)**

## تەوەرەی دوەم: جوڵەی شوێنجێی دانیشتوان (كۆچ):

لێكۆڵینەوە لە دیاردەی جوڵەی شوێنجێی یاخود كۆچی دانیشتوان گرنگی خۆی لەسەر گۆڕانی ژمارەی دانیشتوانەو گەشەی شارنشینی، هەروەها كاریگەری لەسەر تایبەتمەندی دیمۆگرافی و ئابورییەكانی دانیشتوانی ئەو ناوچانەوە هەیە، كە كۆچی لێوەدەكرێت یان كۆچی بۆ دەكرێت. لەبەرئەوە نەتەوە یەككگرتوەكان پێناسەی كۆچی كردوە بەوەی جوڵەی شوێنی جوگرافی كەسەكانە لەنێوان ئەو ناوچانەی، كە گۆڕانكاری لەخۆدەگرێت لە شوێنی نیشتەجێبون لە ماوەیەكی دیاریكراودا (حەمە، ٢٠١٩، لا٧٠).

جگە لەزیادبونی سروشتی، كۆچ بەدوەم هۆكاری گەشەكردنی دانیشتوانی ناوچەكانیش دادەنرێت، مەبەست لە كۆچكردن گۆڕینی بەردەوامی شوێنی نیشتەجێبونی تاكەكەس و گروپەكانە و نیشتەجێبونیانە لە ژینگەیەكی نوێدا، كە كاریگەری لەسەر دوبارە دابەشكردنەوەی دانیشتوان و فەراهەمبونی دەستی كاری هەرزان و پەیدابونی پسپۆڕی جیاواز هەیە(حەمەیوسف، ٢٠١٥، لا٢٦-٢٧).

یاسای باری شارستانی عێراقی ژمارە (١٨٩)ی ساڵی (١٩٦٢) پێناسەی كۆچی كردوەو تێیدا هاتوە: بریتییە لە گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبونی هەمیشەیی لە شوێنی ئەمینداری تۆماری شارستانی بۆ شوێنێكی تری ئەمینداری تۆماری شارستانی بەمەبەستی نیشتەجێبون (صالح، ٢٠١٥، لا٣٠)، لە گرنگترین پاڵنەرەكانی كۆچ، ڕازی نەبونە بە شوێنی ڕاستەقینەی خۆی و هەڵبژاردنی شوێنێكی ترە بۆ نیشتەجێبون، كە ئەم پاڵنەرە پاڵنەری هاوبەشی كۆچە لە گشت شوێن و كاتێكدا (جاسر، ٢٠١١، ص٢٣).

بەشێوەیەكی گشتی دو جۆر كۆچكردن لە ئیدارەی ڕاپەڕین بەدی دەكرێت:

**یەكەم: كۆچی ناوخۆ:** گواستنەوەی دانیشتوانە لە سنوری ناوچەیەكەدا بەتایبەتی كۆچی گوندنشینان بۆ سەنتەری شارەكان دەگرێتەوە، لەپێناو دەسكەوتی خزمەتگوزاری باشتر (توفیق، ٢٠٠٩، لا٤٥). كۆچی ناوخۆیی


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper3

جیاوازە لە گەشەی سروشتی دانیشتوان، چونکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ نابێتە هۆی گۆڕانکاری لە قەبارەی دانیشتوان، بەڵکو کاریگەری دەخاتە سەر تایبەتمەندیە گشتییەکانی ناوچەی لێدەرچون و ناوچەی ڕاکێشەری دانیشتوان دواتر ئەمەش کاریگەری دەکاتە سەر گەشەی دانیشتوان و گەشەی شارنشینی و گۆڕانی پێکهاتەی تەمەن و ڕەگەزو نەتەوە (محمد، بدون سنة، ص٥٠٠-٥٠١).

سەرهەڵدانی کۆچ لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان لەسەرەتادا هێواش بوە، بەڵام بەهۆی دۆزینەوەی نەوت و بەرەوپێشچونی ئابوری و زیاتربونی خزمەتگوزارییەکان لە شارەکاندا و لاوازی ئەو خزمەتگوزاریانە لە گوندەکان و تاڕادەیەکیش فەرامۆشکردنیان بوە هۆکاری خێرابونی کۆچی گوندنشین بۆ شارەکان، کە بەکۆچی ناوخۆیی دەناسرێ، جگەلەوە ڕوداوی سروشتی و ڕوداوە مرۆییەکانی وەک جەنگ پاڵنەری کۆچی ناوخۆین (السعدی، ١٩٧٨، ص٣٩٧).

بێگومان کۆچ لە گوندەوە بۆ شار بەشێوەیەکی گشتی هەر لەکۆنەوە تا ئێستا بەردەوام بوە بۆئەوەی بتوانین ڕونتر لە دیاردەی کۆچ بکۆڵینەوە لە ئیدارەی ڕاپەڕین پێویستە کۆچ لەسنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە بزانین.

## ١- کۆچ لە گوندەکانەوە بۆ سەنتەرە شارنشینیەکانی ئیدارەی ڕاپەڕین:

بێگومان کۆچکردن لە گوندەوە بۆ شار پرۆسەیەکی بەردەوامە، چونکە شارەکان پشت بە دانیشتوانی گوندەکان دەبەستن، جگەلەوەی گوندەکان سەرەچاوەی بەشێک لە خۆراکی شارەکانن، لەهەمانکاتدا سەرچاوەی هێزی کاریشن بۆ ئەنجامدانی کاری ڕۆژانەیان (سمعه، ٢٠٠٩، ل١٨٦-١٨٧) ئەگەر ئاماژە بەکۆچی گوندەکانی سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین بکەین، بۆسەنتەرە شارنشینیەکانی هەمان ناوچە بەسەرنجدان لە خشتەکانی ژمارە (٥، ٦) بۆمان دەردەکەوێت لەساڵی (٢٠٠٢) لە (٦.٨٪)ی دانیشتوانی ئیدارەی ڕاپەڕین ئەوانەن کە لە گوندەکانی قەزاکانی دەوروبەریانەوە کۆچیان کردوە بۆ ناو سەنتەرەکانی شارنشینی ئیدارەی ڕاپەڕین، هەروەها لە ساڵی (٢٠٢٠)دا، ئەوانەی لە گوندەکانی دەوروبەرەوە کۆچیان کردوە بۆ سەنتەرە شارنشینەکانی ئیدارەی ڕاپەڕین لە (٥،٦٪)ی دانیشتوانی ئیدارەن، هەروەها بەبەراوردکردنی ڕێژەی گەشەی شارنشینی و گوندنشینی ڕێژەی ئەوانەمان دەستدەکەوێت، کە کۆچیان بۆ سەنتەرەکانی شار کردوە، بەسەرنجدان لەخشتەی ژمارە (٧) بۆمان دەردەکەوێت، ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی گوندەکان لەسەر ئاستی ئیدارەی ڕاپەڕین لە زۆربەی ساڵانی لێکۆڵینەوەدا بە ئاڕاستەی کەمبونەوە چوە، بەجۆرێک لەماوەی ساڵانی (١٩٧٧-٢٠٢٠) تێکرای ڕێژەی گەشەی شارنشینی ساڵانە نزیکەی (٥.٦٪) بوە، لەبەرامبەردا ڕێژەی گەشەی گوندنشینەکان گەیشتۆتە (٠.١٧٪) ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوی کە کۆچکردن لە گوندەکانەوە بۆ سەنتەرە شارنشینەکانی سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە کراوە، ئەمەش لە دەرئەنجامی هۆکارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کارگێڕیەوە بوە لەگەڵ جیاوازی لە دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی، لەوەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە سەنتەرە شارنشینەکانی ئیدارە ناوچەی ڕاکێشانی دانیشتوانی گوندەکانی دەوروبەری بوە.

٢- کۆچکردن لە پارێزگای سلێمانی و پارێزگاکانی تر بۆ سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper3

ئەگەر ئاماژە بەکۆچکردنی دانیشتوان بکەین لەسنوری پارێزگای سلێمانی و پارێزگاکانی تری هەرێمی کوردستانەوە بەرەو سەنتەرە شارنشینەکانی ئیدارەی ڕاپەڕین بەسەرنجدان لەخشتەی ژمارە (٤) بۆمان دەردەکەوێ لە ساڵی (٢٠٠٢) ڕێژەی ئەوانەی لە پارێزگای سلێمانیەوە هاتون و لەسەنتەرەکانی شارنشینی ئیدارەدا نیشتەجێبون گەیشتۆتە (٢١.٢٪) بەڵام لە ساڵی (٢٠٢٠) ئەم ڕێژەیە بۆ لە (٤،٤٪) دابەزیوە بڕوانە خشتەی ژمارە (٥) هەڵبەتە هۆکاری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی لە هۆکارە کارتێکەرەکانی ئەم بەرزی و نزمیەن، بەڵام ئەوانەی کە لەساڵی (٢٠٠٢)لە پارێزگاکانی ترەوە هاتون لەسەنتەرەکانی شارنشینی ئیدارە نیشتەجێبون تەنها (٦.٣٪) بون، چونکە پاڵنەری سیاسی کێشەی ناوخۆیی خاڵی بەهێزی بەرزی ئەم ڕێژەیە بون، لە هاتنی دانیشتوانی پاریزگاکانی تر بۆ ناوچەی لێکۆلینەوە لە ساڵی (٢٠٢٠) بەڕێژەی (٢.٤٪) بوە ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە گواستنەوەی دانیشتوان لە پارێزگاکانی تر بەرەو کەمی و لاوازی چوە، چونکە بەشێک لە کێشە سیاسییەکان بەرەو نەمان یان لاوازبون چون، لە ساڵی (٢٠١٤) بەهۆی جەنگی دژە تیرۆر ژمارەیەک لە هاووڵاتیان بەپێی ئاماری ناوەندی بەڕێوەبەرایەتی هەماهەنگی ئیدارەی ڕاپەڕین کە نزیکەی (٩٩٣) خێزان بون ناوەڕاست و باشوری عێراق و وڵاتی سوریا لە ئیدارەی ڕاپەڕین نیشتەجێبون، کە تاوەکو ئێستاش بەشێکیان نەگەڕاونەتەوە.

**خشتەی ژمارە (٥)**

**دانیشتوانی سەنتەرە شارنشینەکانی ئیدارەی ڕاپەڕین لەڕوی شوێنەکانیانەوە بەپێی ساڵی (٢٠٠٢)**

| شوێنی نیشتەجێبون | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| دانیشتوانی سەنتەرە شارنشینەکانی ئیدارەی ڕاپەڕین | ١٢٢٢٣٥٦ | ٦٥،٧ |
| ئەوانەی لە گوندەکانی دەوروبەروە هاتون بۆ سەنتەرەکانی شارنشینی | ١٢٦٦٤ | ٦،٨ |
| ئەوانەی لە پارێزگای سلێمانیەوە هاتون لە ئیدارەی ڕاپەڕین نیشتەجێبون | ٣٩٤٠٢ | ٢١،٢ |
| ئەوانەی لە پارێزگاکانی ترەوە هاتون لە ئیدارەی ڕاپەڕین نیشتەجێبون | ١١٧٣٦ | ٦،٣ |
| کۆی گشتی | ١٨٦١٥٨ | ١٠٠ |

سەرچاوە: ئامادەکراوە بەپشت بەستن بە:

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان پارێزگای سلێمانی، قایمقامیەتی قەزای ڕانیە و پشدەر، کارگێڕی، هۆبەی ئامار.٢٠٢٠ بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئاماری گشتی شاری ڕانیە و قەڵادزێ لە ٢٠٠٢ تا ٢٠٢٠.

٢- بێستون ئەحمەد حسێن، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ گەشەی دانیبشتوان و فراوانبونی ڕوبەری شاری قەڵادزێ، سەرچاوەی پێشو، لا٤٥.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper3

خشتەی ژمارە (٦)

دانیشتوانی سەنتەرە شارنشینەکانی ئیدارەی ڕاپەڕین لەڕوی شوێنەکانیانەوە بەپێی ساڵی (٢٠٢٠)

| شوێنی نیشتەجێبون | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| دانیشتوانی سەنتەرە شارنشینەکانی ئیدارەی ڕاپەڕین | ٣٠٠٣٤٤ | ٨٦.٧ |
| ئەوانەی لە گوندەکانی دەوروبەرەوە هاتون بۆ سەنتەرەکانی شارنشینی | ٢٢٥٤٦ | ٦.٥ |
| ئەوانەی لە پارێزگای سلێمانیەوە هاتون لە ئیدارەی ڕاپەڕین نیشتەجێبون | ١٥١٤٨ | ٤.٤ |
| ئەوانەی لە پارێزگاکانی ترەوە هاتون لە ئیدارەی ڕاپەڕین نیشتەجێبون | ٨٣٥٠ | ٢.٤ |
| کۆی گشتی | ٣٤٦٣٨٨ | ١٠٠ |

سەرچاوە: ئامادەکراوە بەپشت بەستن بە:

(١) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆ، ئیدارەی ڕاپەڕین، بەشی Jcc

(٢) حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی ڕاپەڕین، بەڕێوەبەریەتی ئاسایشی ڕانیە (٢٠٢٠)، کۆچی ناوخۆ لەسنوری قەزای ڕانیە.

(٣) حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی ڕاپەڕین، بەڕێوەبەریەتی ئاسایشی قەڵادزێ(٢٠٢٠)، کۆچی ناوخۆ لەسنوری قەزای پشدەر.

هەروەها لەڕێگەی دیاریکردنی ڕێژەی گەشەی شارنشینی و گوندنشینی دەتوانرێ ئەوەمان بۆ دەربکەوێ کە ئایە سەنتەرە شارنشینەکانی ئیدارەی ڕاپەڕین ناوچەی ڕاکێشانی دانیشتوان بون لە گوند و ناوچەکانی دەروبەرەوە یان بەپێچەوانەوە. بەسەرنجدان لەخشتەی ژمارە (٦) بۆمان دەردەکەوێ ماوەی نێوان ساڵانی(١٩٧٧-٢٠٢٠) ڕێژەی گەشەی شارنشینی بریتیبوە لە (٥.٦٪) لەبەرامبەردا ڕێژەی گەشەی گوندنشینی کەمتر لە (١٪) بوە. هەروەها لەزۆرێک لەساڵەکاندا ڕێژەی گەشەی شارنشینی لە ئیدارەی ڕاپەڕین زیاتربوە لەگەشەی گوندنشینی بەشێوەیەکی بەرزترین ڕێژەی گەشەی شارنشینی لەناوچەی لێکۆڵینەوە بریتیبوە لە (٧.٣٩٪) لە (١٩٧٧-١٩٨٧) بێگومان وەک بابەتەکانی پێشوتریش ئاماژەمان پێداوە لە هۆکاری ئەوەش بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ڕاگواستنی زۆرێک لە گوندنشینەکانی هەریەک لەقەزاکانی دوکان و ڕانیە و پشدەر بۆ سەنتەرە شارنشینەکانی ئیدارەی ڕاپەرین وەک لەخشتەکەدا دیارە.

گەشەی شارنشینی بەراورد بەگەشەی گوندنشینی لەهەردو ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٧-٢٠٠٢) (٢٠٠٢-٢٠٠٩) بەرەو پێشدەچێت لەبەرامبەردا ڕێژەی گەشەی گوندنشینی زۆر کەم دەکات لەڕاستیدا ئەمانە ئاماژەن بۆ ئەوەی کە بەردەوام سەنتەرە شارنشینەکانی ناوچەی ڕاکێشانی دانیشتوانی گوندنشینەکان بون لەژێر کاریگەری چەندین هۆکاری وەک خزمەتگوزاری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی، لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە جۆرە کۆچێکی ترمان هەیە وەک کۆچی زۆرەملێی گوندنشینەکان کە ئەویش کاریگەری هەبوە لەسەر گەشەی شارنشینی لە ئیدارەی ڕاپەڕین لەبەرئەوە ناکرێت ئاماژە بە کۆچپێکردنی زۆرەملێی گوندنشیەکان هەریەک لەقەزاکانی دوکان و ڕانیە و پشدەر بۆ سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە نەکەین لەماوەی ساڵانی (١٩٧٨ – ١٩٩٠



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper3

چونکە ئەم جۆرە کۆچپێکردنە کاریگەری هەبوە لەسەر گەشەی دانیشتوانیش بۆ نمونە لە خشتەی ژمارە (٨) بەدرێژایی ساڵانی (١٩٧٨ – ١٩٩٠) بۆمان دەردەکەوێت، کە (٤٤٦) گوند بەتەواوی خێزان و دانیشتوانیانەوە گواستراونەتەوە بۆ سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە، (٢٠٧٦٨) خێزان و (٧٥٧٠٧ ) کەسبون. کە ئەو گوند و خێزانانە بەرەو سەنتەرە شارنیشنەکانی قەزای ڕانیە و پشدەر ڕاگوێزراون، کە ژمارەیان (٥١) گوند و(٣٦٩٣) خێزان و (١٦٥٠٧ )کەسبون.

خشتەی ژمارە (٧)

ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شارنشین و گوندنشین لە ئیدارەی ڕاپەڕین

لەساڵانی(١٩٥٧–٢٠٢٠)


| ساڵ | شارنشین% | گوندنشین% |
|---|---|---|
| ١٩٦٥-١٩٥٧ | ٣,٦٣ | ١٠,٠٣- |
| ١٩٧٧-١٩٦٥ | ٨,٥٣ | ٧,٧٤ |
| ١٩٨٧-١٩٧٧ | ٧,٣٩ | ٢,٤٤ |
| ٢٠٠٢-١٩٨٧ | ٦,٨٥ | ٠,٧٦- |
| ٢٠٠٩-٢٠٠٢ | ٤,٣٢ | ٥,٢٦- |
| ٢٠٢٠-٢٠٠٩ | ٣,٠٠ | ٣,٠٠ |
| ٢٠٢٠-١٩٥٧ | ٥,٨٧ | ٠,١٩ |

**سەرچاوە: ئامادەکراوە بەپشت بەستن بە پاشکۆی ژمارە(٣)**

شێوەی ژمارە(٤)

ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شارنشین و گوندنشین لە ئیدارەی ڕاپەڕین

لەساڵانی(١٩٥٧–٢٠٢٠)




سەرچاوە: ئامادەکراوە بەپشت بەستن بە: خشتەی ژمارە (٦)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper3

خشتەی ژمارە (٨)

ڕاگواستنی زۆرەملێی گوند و خێزانەکانی سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین بۆ هەردو سەنتەری قەزای ڕانیەو پشدەر لەماوەی (١٩٧٨-١٩٩٠)

| ماوە | ژمارەی گوند | ژمارەی خێزان | ژمارەی ڕاگوێزراوان | ئەو گوند و خێزانانەی کەبەرەو هەردو سەنتەرەشارنشینەکانی قەزای ڕانیە و پشدەر ڕاگوێزراون | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | گوند | خێزان | ژمارە |
| ١٩٧٨-١٩٧٩ | ٢٢٧ | ٩٣٢٠ | ٢٨٦٥٩ | ٣٣ | ١٤٥١ | ٥٨٠٠ |
| ١٩٨٠-١٩٨٧ | ٢ | ٢٠١٩ | ١٤١٠١ | ٢ | ١١٠٩ | ٦١٥٧ |
| ١٩٨٧-١٩٩٠ | ٢١٧ | ٩٤٢٩ | ٣٢٩٤٧ | ١٦ | ١١٣٣ | ٤٥٣٢ |
| ١٩٧٨-١٩٩٠ | ٤٤٦ | ٢٠٧٦٨ | ٧٥٧٠٧ | ٥١ | ٣٦٩٣ | ١٦٥,٧ |

سەرچاوە: ئامادەکراوە بەپشت بەستن بە:

(١) بێستون ئەحمەد حسێن، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ گەشەی دانیشتوان و فراوانبونی ڕوبەری شاری قەڵادزێ، سەرچاوەی پێشو، لا٤٥.

(٢) سالح، عومەر هەمزە(٢٠٠٩)، ڕاگوستن لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافی و مێژویی و ڕاگواستنی زۆرەملیی گوندنشینەکانی کوردستان پشدەر وەک نمونە، چاپخانەی خانی، دهۆک، لا١٨٠-١٩٦.

(٣) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆ، ئیدارەی ڕاپەڕین، بەشی Jcc

(٤) حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی ڕاپەڕین، بەڕێوەبەریەتی ئاسایشی ڕانیە(٢٠٢٠)، کۆچی ناوخۆ لەسنوری قەزای ڕانیە.

**کۆچ لە سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە بەدەرنەبوە لە کۆمەڵێک هۆکار کە بە کورتی ئاماژەیان پێدەکەین:**

**أ- هۆکاری سیاسی:**

لەبەرئەوەی ناوچەی لێکۆڵینەوە ناوچەیەکی سنوری بوە هەڵکەوتنێکی سەخت و دژواری هەبوە بۆیە هەمیشە کاریگەر بوە بە ڕوداوە سیاسیەکان و هەمیشە ڕژێم چاوی لەسەر ئەو ناوچانە بوە بۆ چۆڵکردن و ڕاگواستنی گوندەکان لە پێناوی کەمکردنەوەی هێزی پشتیوانی بۆ هێزی پێشمەرگە (صالح، ٢٠١٢، لا١٢٣- ١٣٠) هەمیشە جۆرێک جیاوازی لە نێوان شارو گوندا هەیە لەڕوی خزمەتگوزارییەوە شارەکان زۆرترین خزمەتگوزارییەکانی پەروەردە، تەندروستی، ڕۆشنبیری...هتد، تیدا کۆبۆتەوە لەبەرامبەریشدا ئەو خزمەتگوزاریانە لە گوندەکان نییە بۆیە دانیشتوانی ئەم گوندانە ڕو لە شارەکان دەکەن(حسێن، ٢٠١٣، لا٤٨) لەبەرئەوە بەشێک لە دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە ڕو لە سەنتەری شار دەکەن، چونکە خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی و پەروەردە خوێندنی باڵا....هتد. باشتر بەردەست دەبن وەک لە ناوچەی گوندەکاندا.

ب- هۆکاری ئابوری و کۆمەڵایەتی:


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper3

یەکێک لە هۆکارەکانی کۆچکردنی دانیشتوانی گوندەکان بۆ شارەکان گەڕانە بەدوای کاردا بۆئەوەی لە بێکاری ڕزگاریان بێت و داهاتی پێویستی ڕۆژانەی خۆیان لە ڕێگەی کارەوە دابین بکەن (السعدی، ١٩٧٨، ص٤٢٠) جگە لەوە خراپی داهاتی تاکی گوندنشینەکانە، کە لەڕێگەی کشتوکاڵەوە دەستیان دەکەوێت زۆر کەمترە لەو داهاتەی کە لە شاردا دەستیان دەکەوێت (شوانی، ٢٠٠٧، لا٤٣).

هەروەها بەهۆی خراپی سیاسەتی دەوڵەت بەرامبەر کشتوکاڵ جوتیاران ناتوانن بەروبومەکەیان کێبڕکێی بەروبومەکانی تری بێگانە بکات، زۆربونی پێداویستی و داواکارییەکانی تاک و گرانی بە دەستهێنانی پێداویستیەکانیان لە گونددا دەبێتە پاڵنەر بۆ کۆچکردن ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبکرێت بەهۆی زۆری دامەزراندنی دانیشتوانەوە لە کەرتە جیاوازەکان بۆتە پاڵنەری دورکەوتنەوەی لە ئیشی قورس و گەڕانەوە بۆ شار.

## دووەم: کۆچی دەرەکی:

بریتییە لەهەمو ئەو بزاوتنانەی، کە سنوری دەوڵەتێک یان زیاتر لە دەوڵەتێک دەبڕێت مەرج نییە ئەو دەوڵەتانەش هاوسنوربن بەڵکو زۆرجار لە نێوان دو کیشوەردا دەبێت (توفیق، ٢٠٠٩، لا٥٢)، یاخود گواستنەوەی تاکە بۆ دەوڵەتێکی تر لە ڕێگەی بڕینی سنورەوە کە دوری دەخاتەوە لە ناوەندە کۆمەڵایەتی و ئابوری و ئیداریەکەی خۆی و دەیخاتە ناو ناوەندێکی کۆمەڵایەتی جیاواز لەوەی پێشو (حمیدان، ٢٠٠١، ص٢٧٠)، کۆچ هەندێ جار هەمیشەیی و ئاساییە وەک لەگوندەوە بۆشار و زۆرجاریش نائاساین وەک کۆچی ناچاری و زۆرەملێ، کە لە ئەنجامی پاڵنەرێکی بەهێزەوە وا لە تاک دەکات سنوری وڵاتەکەی خۆی ببڕێ لە پێناو گەیشتن بە باشتر (لەبیب، ٢٠١١، لا١٦٧).

سەبارەت بە کۆچکردن لە سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین بۆ دەرەوەی سنورەکانی هەرێم و عێراق بە پێچەوانەشەوە لە دەرەوە بۆ ناوخۆ بەگوێرەی ئامارەکانی ڕێکخراوەکانی پەنابەرانی ڕاپەڕین لە ساڵی (١٩٩٩ – ٢٠٢٠) ژمارەی کۆچکردوان لە سەرو (٥٠٠٠)کەسەوەن، کە لە ئەوروپا نیشتەجێن و مافی پەنابەریان هەیە، (٦٤)کەس بونەتە قوربانی لەو ڕێگایدا وە (٧٠) کەسیش بێ سەروشوێنن ژمارەی ئەوانەی گەڕاونەتەوەو نەیانتوانیوە مافی پەنابەری بەدەست بێنن (١٨٠٠) کەسە، بەڵام بەهۆی کەمی داتاکان و نەبونی داتای کۆچ نەمانتوانیوە ساڵ بەساڵ ئاماژەی پێ بکەین.

سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین یەکێکە لەو ناوچانەی کە بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنە جوگرافیەکەی لەنزیک سنوری وڵاتی ئێران تاڕادەیەک کاریگەربوە بەم جۆرە کۆچکردنە، بەجۆرێک کۆچ بۆ سنورەکە کراوە لەهەمان کاتیشدا لە سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوەشەوە کۆچ بۆ دەرەوە کراوە، وەک ئاشکرایە لەتەواوی هەرێمی کوردستانی عێراق ئەم جۆرە کۆچە لەشارەکاندا زۆر کەم تۆماردەکرێن. بەڵام لەڕێگەی دەرهێنانی پوختەی کۆچ دەتوانین ئاڕاستەی کۆچ بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە بزانین، کە بە دو ڕێگا دەردەهینرێت، ڕێگایەکیان بریتییە لەجیاوازی نێوان ژمارەی هاتوان و ڕۆیشتوان، بەڵام بەهۆی نەبونی داتا لەسەر ئەم ڕێگەیە ناتوانین باسی بکەین، بەڵکو ڕێگەی دوەم



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper3

بەکاردێنین، کە بریتییە لە جیاوازی نێوان گەشەی ساڵانەی شارنشینی و گەشەی ساڵانەی ئیدارەی ڕاپەڕین، پشت بەستن بەبەکارهێنانی ئەم یاسایە دیاریبکەین:

پوختەی کۆچ = ڕێژەی گەشەی ساڵانەی شارنشینی لە ئیدارەی ڕاپەڕین – ڕێژەی گەشەی ساڵانەی سەرجەم دانیشتوانی ئیدارەی ڕاپەڕین.(محمد،٢٠٠٥،ص١١٠) بڕوانە خشتەیەی ژمارە(٩).

خشتەی ژمارە (٩)

ڕێژەی پوختەی کۆچ لەسەنتەرەکانی شارنشینی ئیدارەی ڕاپەڕین لەماوەی ساڵانی (١٩٧٧-٢٠٢٠)

| ماوە | ڕێژەی گەشەی شارنشینی | ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی ئیدارەی ڕاپەڕین | پوختەی کۆچ |
|---|---|---|---|
| ١٩٧٧- ١٩٨٧ | ٧.٣ | ٣.٨ | ٣.٥ |
| ١٩٨٧-٢٠٠٢ | ٦.٨ | ٣.٦ | ٣.٢ |
| ٢٠٠٢-٢٠٠٩ | ٤.٣ | ٢.١ | ٢.٢ |
| ٢٠٠٩-٢٠١٦ | ٣ | ٣.١ | -٠.١ |
| ٢٠١٦-٢٠٢٠ | ٣ | ٢.٨ | ٠.٢ |
| ١٩٧٧-٢٠٢٠ | ٥.٦ | ٣.٢ | ٢.٤ |

سەرچاوە ئامادەکراوە بەپشت بەست بە: پاشکۆی ژمارە (٣)


بەسەرنجدان لەخشتەی ژمارە (٩) بۆمان دەردەکەوێت کە تێکرای ڕێژەی پوختەی کۆچ لەسنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧-٢٠٢٠) گەیشتۆتە (٢.٤٪) ئەم ڕێژەیەش بەدرێژایی ماوەی لێکۆڵینەوە بەرزبونەوە و نزم بونەوەی زۆری تێدایە، بەجۆرێک لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٧-٢٠٠٢) زیاتر لە (٣٪) بوە، بەڵام لەدوای ئەو ماویەیە پوختەی کۆچ لە ٢٠٠٩ بۆ ٢٠١٦ نزم دەبێتەوە بۆ (-٠.١)واتە پوختەی کۆچ بەسالب بوە لەماوەی نێوان (٢٠١٦-٢٠٢٠) ڕێژەکە بۆ (٠.٢) بەرزدەبێتەوە واتە پوختەی کۆچ موجەب بوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خراپی ڕەوشی سیاسی عێراق و بەهۆی ڕودانی شەڕی داعش و ئاوارەبونی بەشێک لە دانیشتوانی ناوەڕاست و باشوری عێراق و نیشتەجێبونیان لەسنوری ئیدارەی ڕاپەڕین، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت ناوچەی لێکۆڵینەوە ناوچەی ڕاکێشانی دانیشتوان بوە ئەمەش کاریگەری هەبوە لەسەر گەشەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper3

**شێوەی ژمارە (٥)**

**پوختەی كۆچ لەسەنتەرە شارنشینەكانی ئیدارەی ڕاپەڕین لەماوەی ساڵانی (١٩٧٧-٢٠٢٠)**




**سەرچاوە ئامادەكراوە بەپشت بەست بە: خشتەی ژمار(٨)**

كۆمەڵێك هۆكاری سایسی و كۆمەلایەتی وئابوری و پەروەردەیی و ناسەقامگیری كاریگەریان لەسەر هۆكارەكانی كۆچ هەبوە.

## ئەنجام

١. ئیدارەی ڕاپەڕین پێگەیەكی جوگرافی گرنگی هەیە" چونكە كەوتۆتە باكوری خۆرهەلاتی هەرێمی كوردستان و عێراق و بەشی باكوری پارێزگای سلێمانی، بەمەش ئەلقەیەكی پەیوەندی دروست دەكات لەگەڵ هەردو پارێزگای (سلێمانی و هەولێر) لەلایەكی تریشەوە، نزیكە لە كۆماری ئیسلامی ئێران، بەو هۆیەوە شوێنی جوگرافی ناوچەی لێكۆڵینەوە كاریگەری دیاری هەبوە لەسەر جیاوازی گەشەو دابەشبونی دانیشتوان.

٢. زیادبونی سروشتی لەماوەی توێژینەوەدا كاریگەری بەرچاوی هەبوە لەسەر گەشەی دانیشتوان، ئەمەش بەهۆی بەرزی ڕێژەی لەدایكبون، لە بەرامبەردا نزمی ڕێژەی ڕێژەی مردن، ئەمەش دەریدەخات زیادبونی سروشتی كاریگەری هەبوە لەسەر گەشەی دانیشتوانی ناوچەی لێكۆڵینەوە

٣. كۆچ كاریگەری دیاری هەبوە لەسەر جیاوازی ڕێژەی گەشە و زیادبونی ژمارەی دانیشتوانی شارنشین، بە جۆرێك لەماوەی پێش ڕاپەڕین بە هۆی ناجێگیری دۆخی ڕامیاری و ئاسایش و ڕاگواستن و كۆچپێكردنەوە قەبارەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە كەمی كردوە، بەڵام لە دوای ڕاپەڕین و نەمانی دەسەڵاتی داگیركەر لە ناوچەكەو لەئەنجامی گەڕانەوەی دانیشتوانی ڕاگوێزراو بۆ سەنتەری هەردو



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper3

قەزای (پشدەر و ڕانیە)، ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی لێكۆڵینەوە بەشێوەیەكی بەرچاو ڕوی لە زیادبون كردوە.

٤. لەماوەی توێژینەوەدا گەشـەی سـاڵانەی شـارنشـین و گوندنشـین گۆڕانێكی بەرچاویان بەسـەردا هاتوە، بەجۆرێك گەشـەی سـاڵانەی شـارنشـین لەماوەی (١٩٥٧-٢٠٢٠) بەرزبۆتەوە بۆ (٥.٨٧٪) لەبەرامبەردا گەشـەی سـاڵانەی گوندنشـین دابەزیوە بۆ (٠.١٩٪)، ئەمەش بۆتە هۆی زیادبونی ژمارەی دانیشـتوانی سەنتەرە شارنشینەكانی ناوچەی لێكۆڵینەوە.

## ڕاسپاردەكان:

١- بایەخ بەداتاكانی بواری دانیشتوان بدرێت، چونكە ئەنجامی توێژینەوەكانی تایبەت بە دانیشتوان دەوەستێتە سەر وردی و ڕاستی داتاو ئامارە دیمۆگرافیەكان، كە ئەمانەش لە ئێستاو داهاتودا وێنەو نەخشەی جەمسەرەكانی پلاندانان و پەرەپێدانی لە ناوچەی لێكۆڵینەوەدا دەكێشێت.

٢- ئیدارەی ڕاپەڕین پاڵپشت بەو گەشەكردنەی بەخۆیەوە بینیوە توانیویەتی كاریگەری بكاتەسەر ناوچەكانی دەوروبەری پێویستە حكومەت بەمەبەستی هێنانەدی پلان و پەرەپێدان لەناوچەكەدا بەردەوام بن لە كردنەوەی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەكان و فەرمانگەو دامەزراوەی گرنگتر لە پێناو بەرەو پێشچونی ناوچەكە لە ئایندەدا.

٣- لەپێناو پاراستنی هاوسەنگی گەشەی شارنشینی و گوندنشینیدا پێویستە گرنگی بەناوچە كشتوكاڵییەكان بدرێت لە پێناو كەمكردنەوەو جیاوازیەكانی نێوان شارو گوند بەدابینكردنی خزمەتگوزارییە پێویستییە سەرەكیەكان لە گوندەكاندا.

٤- گرنگی زیاتر بە توێژینەوەكان بدرێت و هەماهەنگی لە نێوان پسپۆڕانی شارو پلاندانەرانی شارەوانیدا هەبێت بۆئەوەی كۆنترۆڵی كێشەكانی شار بكەن و بەرچاورۆشن بن لەسەر داهاتوی گەشەی شارنشینی لە ئیدارەی ڕاپەڕیندا.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper3

# Elements of Urbanization Growth in the Raparing Administration

**Salih Anwar Mohammed**
Geography Department, Human Science College, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** salh.anwar@uor.edu.krd

**Bestoon Ahmed Hussein**
Geography Department, Human Science College, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** bestoon.78@uor.edu.krd

**Abstract:**

Increasing immigration and nature affect increasing population greatly. This abrupt increasing which faces population will increase its problems and troubles, especially in the center of the cities because it is the head of the population. The most important problem is the increasing the urban population without planning. Certainly, it has a negative result of destroying the balance between cities and villages. Both are the balance of economy, social, and politics .

There are various reasons about the urban problems, from natural problems to humanitarian problems. The most important reasons in the research area are the increasing nature, immigration, and many other reasons. On the other hand, the government is irresponsible and hasn't had any plan for keeping a balance between the environment of cities and villages, in terms of providing various services .

The aspects of increasing urban life in Raparin Administration are the abrupt reasons of expanding cities and increasing urban life, and an uneven distribution of population between the center of the cities and villages, some reasons are inevitable and some others are because of unplanning.

**Keywords:** Population Increase, Birth, Death, Immigration.



**Original Article / Doi:** 10.26750/Vol(9).No(3).Paper3

## سەرچاوەكان :


تالب، جەزا تۆفیق(١٩٩٩)، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، چاپخانەی دلێر، سلێمانی.

تۆفیق، پێشرەو سەمەد (٢٠٠٩)، شیکردنەوەیەکی شوێنی دانیشتوانی شاری ڕانیە (لێکۆلینەوە لە جوگرافیای شار)، کۆلێجی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی کۆیە.

حسێن، بێستوان ئەحمەد (٢٠١٣)، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ گەشەی دانیشتوان و کاریگەری لەسەر فراوانبونی ڕووبەری شاری قەڵادزێ، ماستەرنامە، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

حسێن، بێستوان ئەحمەد(٢٠١٩)، هەرێمی وەزیفی شاری ڕانیە (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای شار)، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

حمەیوسف، عطا حمەلاو(٢٠١٥)، پارێزگای هەڵەبجە، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای دانیشتوان (١٩٧٧– ٢٠٠٩)، ماستەرنامە، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

حەمە، سروە جلال (٢٠١٩)، گۆڕانکاری دانیشتوان لە پارێزگای سلێمانی، لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧– ٢٠١٢)دا، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای دانیشتوان، دکتۆرا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

خەسباک، شاکر(١٩٩٩)، ئاراستەی گشتی پەرەسەندنی دانیشتوانی لیوای سلێمانی، و: عەتا قەرەداغی، چاپخانەی ڕوناکبیری، سلێمانی.

ســـــالح، عومەر هەمزە(٢٠٠٩)، ڕاگوســـــتن لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافی و مێژویی و ڕاگواســـــتنی زۆرەملێی گوندنشـــــینەکانی کوردستان پشدەر وەک نمونە، چاپخانەی خانی، دهۆک.

سالح، عومەر هەمزە(٢٠١٢)، کارەسات و بۆردومانی قەڵادزێ لە ١٩٧٤/٤/٢٤، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

صالح، عومەر هەمزە (٢٠٠٩)، پشدەر لە سەردەمی ئەنفالەکاندا، مەکتەبی ناوەندی دارایی پارتی دیموکراتی کوردستان

غەفور، عەبدوڵڵا(٢٠١٢)، جوگرافیای دانیشتوان، چاپخانەی حاجی هاشم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

لەبیب، علی (٢٠١١)، جوگرافیای دانیشتوان جێگیر و ناجێگیر، و: سەعید بەشیر خەربانەیی، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر.

محمود، شاسوار محمد (٢٠١٣)، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دانیشتوانی قەزای دوکان، ماستەرنامە، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

مصطفی، فاطمە قادر(٢٠٢٠)، دەروازەیەک بۆ جوگرافیای دانیشتوان و کێشەکانی، چاپخانەی جەنگەڵ، ئێران.

مهدی، سیروان محمد (٢٠١٧)، شیکردنەوەیەکی شوێنی نشینگە دێهاتیەکانی قەزای ڕانیەو ڕەهەندەکانی پەرەپێدانیان (ماستەرنامە)، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین


**فەرمانگە حکومییەکان :**


حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆ، ئیدارەی ڕاپەڕین، بەشی *Jcc*، داتای پەنابەرانی ناوەڕاست و باشوری عێراق

حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی ڕاپەڕین، بەڕێوەبەریەتی ئاسایشی ڕانیە. کۆچی ناوخۆ لەسنوری قەزای ڕانیە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی ڕاپەڕین، بەڕێوەبەریەتی ئاسایشی قەڵادزێ. کۆچی ناوخۆ لەسنوری قەزای پشدەر.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، هۆبەی *GIS*، نەخشەی ئیدارەی ڕاپەڕین بەپێی پارێزگای سلێمانی و کوردستان و عیراق٢٠٢٠.




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper3

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری ڕاپەڕین، پڕۆسەی ژمارەلێدان و گەماڕۆسازی، ٢٠٠٩.

أحمد، پشتیوان شەفیق(٢٠١٥)، التحول الديموغرافي و علاقته بالتنمية الريفية في محافظة السليمانية، (اقليم كوردستان العراق)، رسالة دكتورا، كلية الاداب، جامعة الاسكندرية، مصر.

جاسر، معين حسن احمد (٢٠١١)، محافظة بيت لحم (دراسة في التركيب السكاني و خصائص المسكن)، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة الاسلامية، غزه، فلسطين.

حسێن، بيان علي(٢٠٠٨) التحليل الجغرافي في الاتجاهات النمو الحضري في محافظة السليمانية، (أطروحة دكتوراه)، كليه علوم الانسانية، جامعه سليمانية.

حميدان، علي سالم و محمود الحبيس(٢٠٠١)، جغرافية السكان، مدخل الى علم السكان، دار الصفاء للنشر والتوزيع، عمان – الادرن.

السعدي، رياض ابراهيم (١٩٧٨)، الهجرة من الريف الى الحضر في العراق، دوافعها، أنماطها، اتجاهاتها، مجلة الجمعية الجغرافيه العراقيه، المجلد العاشر، مطبعة العاني، بغداد.

العبادي، إبهام سمير محي (٢٠٠٢)، قضاء المدائن (دراسة في الجغرافية السكان لمده ١٩٧٧ – ١٩٩٧)، (رسالة ماجستير)، كلية التربية، جامعه بغداد.

عبدالجبار، رضا و فاهم محمد جبر(٢٠١١) نمو السكان في العراق و العوامل المؤثرة فيه للمدة (١٩٧٥-٢٠٠٧)، مجلة جامعة بابل، العلوم الانسانية، المجلد١٩، عدد(٤).

فياض، هاشم نعمة(٢٠١٢)، العلاقة بين الحضرية السكانية، التغيرات الاجتماعية – الاقتصادية (دراسه حاله العراق)، المركز العربي للابحاث و الدراسات السياسات، قطر.

محمد، خليل اسماعيل(٢٠٠٥)، دهۆك-نينوى دراسات في الخصائص الديموغرافيه للسكان، منشورات مركز كوردستان للدراسات الاستراتيجيه، السليمانيه .

محمد، خليل اسماعيل (بدون سنة طبع)، دور القوى العاملة في حجم و نمو السكان في العراق.

محمد، خليل اسماعيل(٢٠١٩)، اتجاهات النمو السكاني في مدينة رانية، بأقليم كوردستان العراق (دراسة في الجغرافية المدن)، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین VOL 6 .

يعقوب، محمد عبدالمجيد حسێن(٢٠٠٤)، العوامل الاجتماعية والاقتصادية، المؤثرة على خصوبة المرأة في المدينة رام الله(رساله ماجستير)، كلية دراسات العليا، جامعه النجاح الوطنية.

الخفاف، عبدعلي حسن وعبدمخور الريحاني، جغرافيه السكان، مطبعة جامعة البصرة، بصرة، ١٩٨٦

علي، يونس حمادي، مبادى علم الديموغرافية، جامعة الموصل، الوصل، ١٩٨٥.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper3**

پاشکۆی ژمارە (١)

ژمارە و ڕێژەی لەدایکبون و مردن لە سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین لە ماوەی ساڵانی (١٩٨٧-٢٠٢٠) لە هەزاردا

| ساڵ | ژ.دانیشتوان | ژ.دانیشتوان لە نیوەی ساڵدا* | ژ.لەدایکبوان** | ڕێژە | ژ.مردوان*** | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٨٦ | ١٤٥٠٣١[١] | - | - | - | - | - |
| ١٩٨٧ | ١٥٠٦٥٨[٢] | ١٤٧٨٤٥ | ٣٢٥٢ | ٢٢ | ٤٠٩ | ٢,٧٧ |
| ١٩٨٨ | ١٥٦٢٠٢[٣] | ١٥٣٤٣٠ | ٤٨٥٠ | ٣١,٦ | ٣٧٣ | ٢,٤٣ |
| ١٩٨٩ | ١٦١٩٥٠ | ١٥٩٠٧٦ | ٤٥٢٧ | ٢٨,٥ | ٣٥٢ | ٢,٢١ |
| ١٩٩٠ | ١٦٧٩١٠ | ١٦٤٩٣٠ | ١٨٤٨ | ١١,٢ | ٩٨ | ٠,٥٩ |
| ١٩٩١ | ١٧٤٠٨٩ | ١٧١٠٠٠ | ٩٠٣ | ٥,٢٨ | ١٢٥ | ٠,٧٣ |
| ١٩٩٢ | ١٨٠٤٩٦ | ١٧٧٢٩٣ | ١١٦٣ | ٦,٥٦ | ١١٢ | ٠,٦٣ |
| ١٩٩٣ | ١٨٧١٣٨ | ١٨٣٨١٧ | ٣٧٦٦ | ٢٠,٥ | ٣١٧ | ١,٧٢ |
| ١٩٩٤ | ١٩٤٠٢٥ | ١٩٠٥٨٥ | ٥٦٠٣ | ٢٩,٤ | ٣٨٧ | ٢,٠٣ |
| ١٩٩٥ | ٢٠١١٦٥ | ١٩٧٥٩٥ | ٣١١٠ | ١٥,٧ | ٢٢٦ | ١,١٤ |
| ١٩٩٦ | ٢٠٨٥٦٨ | ٢٠٤٨٦٧ | ٣٣٨٧ | ١٦,٥ | ١٩١ | ٠,٩٣ |
| ١٩٩٧ | ٢١٦٢٤٣ | ٢١٢٤٠٦ | ٣٩١٩ | ١٨,٥ | ٢١٥ | ١,٠١ |
| ١٩٩٨ | ٢٢٤٢٠١ | ٢٢٠٢٢٢ | ٤٠٩٨ | ١٨,٦ | ١٤٢ | ٠,٦٤ |
| ١٩٩٩ | ٢٣٢٤٥١ | ٢٢٨٣٢٦ | ٤٦٠٣ | ٢٠,٢ | ١٩١ | ٠,٨٤ |
| ٢٠٠٠ | ٢٤١٠٠٦ | ٢٣٦٧٢٩ | ٣٦٩١ | ١٥,٦ | ٢٩٠ | ١,٢٣ |
| ٢٠٠١ | ٢٤٩٨٧٥ | ٢٤٥٤٤١ | ٤٠٨٢ | ١٦,٦ | ٤٨٦ | ١,٩٨ |
| ٢٠٠٢ | ٢٥٩٠٢٣[٤] | ٢٥٤٤٤٩ | ٣٩٢٧ | ١٥,٤ | ٢٦١ | ١,٠٣ |
| ٢٠٠٣ | ٢٦٤٥٤٠[٥] | ٢٦١٧٨٢ | ٣٥٤٥ | ١٣,٥ | ٣٤٠ | ١,٣ |
| ٢٠٠٤ | ٢٧٠١٧٥ | ٢٦٧٣٥٨ | ٤٤٣٩ | ١٦,٦ | ٩٤٠ | ٣,٥٢ |
| ٢٠٠٥ | ٢٧٥٩٣٠ | ٢٧٣٠٥٣ | ٣٨٣١ | ١٤ | ٧٠٢ | ٢,٥٧ |
| ٢٠٠٦ | ٢٨١٨٠٧ | ٢٧٨٨٦٩ | ٣٧٣٩ | ١٣,٤ | ١٢٧٢ | ٤,٥٦ |
| ٢٠٠٧ | ٢٨٧٨٠٩ | ٢٨٤٨٠٨ | ٣٨٦٤ | ١٣,٦ | ٦٣٤ | ٢,٢٣ |
| ٢٠٠٨ | ٢٩٣٩٤٠ | ٢٩٠٨٧٥ | ٤١٥١ | ١٤,٣ | ٦٦٦ | ٢,٢٩ |
| ٢٠٠٩ | ٣٠٠١٥٤[٦] | ٢٩٧٠٤٧ | ٤٢٣٩ | ١٤,٣ | ٨٣٢ | ٢,٨ |
| ٢٠١٠ | ٣٠٩١٥٩[٧] | ٣٠٤٦٥٧ | ٥٢٣٧ | ١٧,٢ | ٧٠٠ | ٢,٣ |
| ٢٠١١ | ٣١٨٤٣٣ | ٣١٣٧٩٦ | ٥٩٥٥ | ١٩ | ١٠٦٩ | ٣,٤١ |
| ٢٠١٢ | ٣٢٧٩٨٦ | ٣٢٣٢١٠ | ٦٦٢٧ | ٢٠,٥ | ٥٠١ | ١,٥٥ |
| ٢٠١٣ | ٣٣٧٨٢٦ | ٣٣٢٩٠٦ | ٦٤٣٩ | ١٩,٣ | ٤١٩ | ١,٢٦ |
| ٢٠١٤ | ٣٤٧٩٦١ | ٣٤٢٨٩٤ | ٧٦٣٠ | ٢٢,٣ | ٥٦٥ | ١,٦٥ |
| ٢٠١٥ | ٣٥٨٤٠٠[٨] | ٣٥٣١٨١ | ٧٤١٦ | ٢١ | ٥٩٥ | ١,٦٨ |
| ٢٠١٦ | ٣٦٩١٥٢[٩] | ٣٦٣٧٧٦ | ٦٣٥١ | ١٧,٥ | ٦٧٦ | ١,٨٦ |
| ٢٠١٧ | ٣٨٠٢٢٦ | ٣٧٤٦٨٩ | ٧٠٦٨ | ١٨,٩ | ٧٤٣ | ١,٩٨ |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper3

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠١٨ | ٣٩١٦٣٣ | ٣٨٥٩٣٠ | ٦٣٩٢ | ١٦,٦ | ٦٨٥ | ١,٧٧ |
| ٢٠١٩ | ٤٠٣٣٨٢ | ٣٩٧٥٠٨ | ٥٠١٣ | ١٢,٦ | ٥٣٧ | ١,٣٥ |
| ٢٠٢٠ | ٤١٥٤٨٣ | ٤٠٩٤٣٣ | ٥٩٤٠ | ١٤,٥ | ٦٣٤ | ١,٥٥ |

سەرچاوە : کاری توێژەر بەپشت بەستن بە :

(١) بەدابەزاندنی دانیشتوان(اسقاطات السكانية) دەرهێنراوە بەپشت بەستن بە ڕێگەی(ناوەندی ئەندازیاری) کە بریتییە لە ڕێژەی گەشە × ژمارەی دانیشتوانی هەرساڵێک + ١٠٠ بروانە : عبدعلي حسن الخفاف وعبدمخور الريحاني، جغرافيه السكان، مطبعة جامعة البصرة، بصرة، ١٩٨٦ ص١٥٢.

(٢) وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام السكان، المحافظة السليمانية، لسنة ١٩٨٧،بغداد، ١٩٨٧، ص٢-٣-٣١.

(٣) لەسالی(١٩٨٨-٢٠٠١) بەدابەزاندنی دانیشتوان بەهەمان یاسای پێشو دەرهێنراوە.

(٤) مدرية احصاء السليمانية، المؤشرات السكانية والبني الخدمية والارتكازية الأقليم كردستان العراق، ٢٠٠٢، ص٩-١٠.

(٥) لەساڵی(٢٠٠٣ تا٢٠٠٨) بەدابەزاندنی دانیشتوان دەرهینراوە بەهەمان ڕێگەی پێشو.

(٦) وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئەنجامە سەرەتاییەکانی پرۆسەی ژمارەلێدان و گەمارۆسازی(حصر و ترقيم) سەرژمێری دانیشتوان و نشینگەکان، ساڵی٢٠٠٩،ل١٠٣-١٠٤ و ١٢٢-١٣٦.

(٧) لەساڵی(٢٠١٠ تا٢٠١٤) بەدابەزاندنی دانیشتوان دەرهینراوە بەهەمان ڕێگەی پێشو.

(٨)لەساڵی(٢٠١٦ تا٢٠٢٠) بەدابەزاندنی دانیشتوان دەرهینراوە بەهەمان ڕێگەی پێشو.

(*) ژمارەی دانیشتوان لەنیوەی ساڵدا دەرهێنراوە لەڕێگەی کۆکردنەوەی ژمارەی دانیشتوانی هەر ساڵێک لەگەڵ ساڵێک پێشخۆی و دابەشکردنی بەسەر دودا.

(**) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەراتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، نەخۆشخانەی فێرکاری شەهیدانی قەڵادزێ و نەخۆشخانەی لەدایکبونی ڕانیە، ئاماری لەدایکبوان و مردوان لەنێوان ساڵانی(١٩٨٧-٢٠٢٠).

(***) هەمان سەرچاوەی پێشو.

پاشکۆی ژمارە(٢)

هاوسەرگیری و جیابونەوە لە ئیدارەی ڕاپەڕین لەساڵانی(٢٠٠٣-٢٠٢٠)

| ساڵ | ژ.هاوسەرگیری | ژ.جیابونەوە | ژ.دانیشتوان لەنیوەی ساڵدا | ڕێژەی هاوسەرگیری* | ڕێژەی جیابونەوە |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٣ | ١٣٣٣ | ١٤٥ | ٢٦١٧٨٢ | ٥,٠٩ | ٠,٥٥ |
| ٢٠٠٤ | ١٨٦٩ | ١٤٠ | ٢٦٧٣٥٨ | ٦,٩٩ | ٠,٥٢ |
| ٢٠٠٥ | ٢١٤٧ | ١٦٧ | ٢٧٣٠٥٣ | ٧,٨٦ | ٠,٦١ |
| ٢٠٠٦ | ٢٣١٧ | ٢١٠ | ٢٧٨٨٦٩ | ٨,٣١ | ٠,٧٥ |
| ٢٠٠٧ | ٢٣١٠ | ٣٥٢ | ٢٨٤٨٠٨ | ٨,١١ | ١,٢٤ |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper3

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٨ | ١٩٢٨ | ٣١٦ | ٢٩٠٨٧٥ | ٦,٦٣ | ١,٠٩ |
| ٢٠٠٩ | ٢١١٢ | ٤٢٤ | ٢٩٧٠٤٧ | ٧,١١ | ١,٤٣ |
| ٢٠١٠ | ٢٧١٣ | ٤٣٨ | ٣٠٤٦٥٧ | ٨.٩١ | ١.٤٤ |
| ٢٠١١ | ٣٠٠٨ | ٥٤٨ | ٣١٣٧٩٦ | ٩.٥٩ | ١.٧٥ |
| ٢٠١٢ | ٣٢٦٧ | ٦٤٠ | ٣٢٣٢١٠ | ١٠.١ | ١.٩٨ |
| ٢٠١٣ | ٣١٨٧ | ٨٢٢ | ٣٣٢٩٠٦ | ٩.٥٧ | ٢.٤٧ |
| ٢٠١٤ | ٣٨١٤ | ٨٧١ | ٣٤٢٨٩٤ | ١١.١ | ٢.٥٤ |
| ٢٠١٥ | ٢٣٦٠ | ٦٩٠ | ٣٥٣١٨١ | ٦.٦٨ | ١.٩٥ |
| ٢٠١٦ | ١٧١٥ | ١٦١ | ٣٦٣٧٧٦ | ٤.٧١ | ٠.٤٤ |
| ٢٠١٧ | ٢٤٢٧ | ٤٣٠ | ٣٧٤٦٨٩ | ٦.٤٨ | ١.١٥ |
| ٢٠١٨ | ٢٤٨١ | ٣٨٩ | ٣٨٥٩٣٠ | ٦.٤٣ | ١.٠١ |
| ٢٠١٩ | ٢٦٢٩ | ٤١٤ | ٣٩٧٥٠٨ | ٦.٦١ | ١.٠٤ |
| ٢٠٢٠ | ٢٦٣٠ | ٢٨٨ | ٤٠٩٤٣٣ | ٦.٤٢ | ١.٧ |

سەرچاوە : کاری توێژەر بەپشت بەستن بە :

(١) حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی داد، ئەنجومەنی دادوەری، سەرۆکایەتی دادوەری تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی، دادگای باری کەسیەتی ڕانیە، بەشی کارگێری، ڕانیە، ٢٠٢٠، داتای بڵاونەکراوە.

(٢) حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی داد، ئەنجومەنی دادوەری، سەرۆکایەتی دادوەری تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی، دادگای باری کەسیەتی ڕانیە، بەشی کارگێری، پشدەر، ٢٠٢٠، داتای بڵاونەکراوە.

(٣) حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی داد، ئەنجومەنی دادوەری، سەرۆکایەتی دادوەری تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی، دادگای باری کەسیەتی ڕانیە، بەشی کارگێری، حاجیاوە، ٢٠٢٠، داتای بڵاونەکراوە.

(*) ڕێژەی هاوسەرگیری بریتییەلە ژمارەی هاوسەرگیران لەساڵێکدا ÷ ژمارەی دانیشتوان لەنیوەی ساڵدا × ١٠٠٠

بڕوانە: یونس حمادی علی، مبادی علم الدیموغرافیة، جامعة الموصل، الوصل، ١٩٨٥، ص٢٧٩.

(**) ڕێژەی جیابونەوە بریتییەلە ژمارەی جیابونەوە لەساڵێکدا ÷ ژمارەی دانیشتوان لەنیوەی ساڵدا × ١٠٠

## پاشکۆی (٣)

### دابەشبونی ژینگەیی ئیدارەی ڕاپەڕین لە(١٩٥٧-٢٠٢٠)

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوان | | ڕێژەی دانیشتوان | |
|---|---|---|---|---|
| | شار | گوند | شار% | گوند% |
| ١٩٥٧ | ٩٥١١ | ٦١١٣١ | ١٣,٤٦ | ٨٦,٥٣ |
| ١٩٦٥ | ١٢٦٥٥ | ٢٦٢٥٣ | ٣٢,٥٢ | ٦٧,٤٧ |
| ١٩٧٧ | ٣٣٧٩٤ | ٦٤٢٣٠ | ٣٤,٤٧ | ٦٥,٥٣ |
| ١٩٨٧ | ٦٨٩٢٠ | ٨١٧٣٨ | ٤٥,٧٤ | ٥٤,٢٦ |
| ٢٠٠٢ | ١٨٦١٥٨ | ٧٢٨٦٣ | ٧١,٨٦ | ٢٨,١٤ |
| ٢٠٠٩ | ٢٥٠٢٣٨ | ٤٩٩١٦ | ٨٣,٣٦ | ١٦,٦٤ |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper3

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٦,٦٤ | ٨٣,٣٦ | ٦٩٠٩٥ | ٣٤٦٣٨٨ | ٢٠٢٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە :

١. الجمهورية العراقية، وەزارة الداخلية، مدير نفوس العامة، المجموعة الاحصائية عام (١٩٥٧) لواء السليمانيه و كركوك، مطبعة العاني، بغداد، بدون السنة الطبع، جدول رقم،(٨) ص٢٦-٢٨، جدول رقم (٤)ص٩.

٢. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری راپەڕین (٢٠٢٠)، ژمارەی دانیشتوانی ئیدارەی راپەڕین (٢٠٠٩-٢٠٢٠) بەپێی ناحیە و قەزاکان.

سیروان محمد مهدی (٢٠١٧)، شیکردنەوەیەکی شوێنی نشینگە دێهاتیەکانی قەزای ڕانیەو ڕەهەندەکانی پەرەپێدانیان(ماستەرنامە)، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper3